# بەردەوامیی هێرشی میلیشیاکان بۆ هەولێر

15-04-2021

**نووسەرەکان**

زریان ڕۆژهەڵاتی

**کورتە :** دوایین هێرشی سەر فڕۆکەخانەی هەولێر لە شەوی چوارشەممە 14-04-2021، ئەویش لەو وەختانەدا کە سێ مووشەکیش گیرانە بنکەیەکی سەربازیی تورکیا لە بەعشیقە، ڕووداوێکی جیاواز بەڵام بەردەوامیی ئەو زەنجیرە هێرشانەیە کە بە درێژایی یەك ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان و دەوروبەری ڕوویانداوە.

زریان ڕۆژهەڵاتی|

بەرایی

دوایین هێرشی سەر فڕۆکەخانەی هەولێر لە شەوی چوارشەممە 14-04-2021، ئەویش لەو وەختانەدا کە سێ مووشەکیش گیرانە بنکەیەکی سەربازیی تورکیا لە بەعشیقە، ڕووداوێکی جیاواز بەڵام بەردەوامیی ئەو زەنجیرە هێرشانەیە کە بە درێژایی یەك ساڵی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان و دەوروبەری ڕوویانداوە.

هێرشی "میلیشا"کان تایبەت نییە بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو درزێکی گەورەی ئەمنییە بۆ هەموو عێراق کە زۆرجار هەوڵیداوە لەڕێگەی دانوستاندنی ڕاستەوخۆ/ ناڕاستەوخۆی ناوخۆیی و دەرەکییەوە ڕێی لێبگرێت و هەموو جارێکیش، بەهۆی واقعی فرەهێزی و ناسەقامگیریی سیاسییەوە، سەریهەڵداوەتەوە.

**بۆچی دووبارە هەولێر؟**

سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دوای هێرشەکە ڕایگەیاندووە کە "دەبێت هەر گرووپێکی چەکدار کە لە چوارچێوەی هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی عێراقدا نەبێت، دەستبەجێ لە سنووری هەرێمی کوردستان بکشێتەوە".(1) هێشتا ڕوون نییە کە ئایا بەکارهێنانی دەستەواژەی "هێزە فەرمییەکان" ئاماژەیە بۆ پێویستیی دوورخستنەوەی لیواکانی حەشدی شەعبی لە سنوورەکانی هەرێم، بەتایبەتی لیوای 30، یان نا، چونکە حەشدی شەعبی خۆی بە هێزێکی فەرمی دەزانێت. بەڵام لانیکەم دەکرێت وای لێ تێبگەین کە حکومەت ئەو گرووپانە بە تۆمەتبار دەزانێت کە لە هەناوی حەشدی شەعبییەوە دەرکەوتوون، هەرچەندە حەشدیش خۆیان لێ ناکات بە خاوەن.

سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش دەستەواژەی "چەندبارەبوونەوەی هێرشەکانی" بەکارهێناوە کە ئەمەش دەتوانێت ئاماژەیەك بێت بۆ بکەرێکی هاوبەشی ڕووداوەکان کە هەمان میلیشیاکانە.

لە کۆتاییەکانی مانگی سێی ئەمساڵەوە شەپۆلێکی دیکەی هێرشی جیاجیای "میلیشیا"کان کە هیچ لایەنێکی فەرمی خۆیان لێ ناکات بە خاوەن، دەستیپێکردووە و چاوەڕوانکراوبوو کە هەرێمی کوردستانیش بگرێتەوە. هەر لە کۆتاییەکانی مانگی 3دا بوو کە گرووپێکی چەکداری شیعی بەناوی (ربع الله) نمایشێکی سەربازیی کرد و هەڕەشەی لە ئەمریکا و ئەو لایەنانە کردبوو کە بە گوتەی خۆی "بەکرێگیراوی" ئەون. ئامانجە گشتییەکانی وەکو ناچارکردنی ئەمریکا بۆ کشانەوە و دروستکردنی گوشاری زیاتر ڕوونن، بەڵام دەشێ ئەوەی ئەمجارە پەیوەندییەکی زیاتری لەگەڵ دانوستاندنە ئەتۆمییەکانی ئێران و دیالۆگی ستراتیژیی عێراق و ئەمریکاوە هەبێت. لەوانەیە پان ئیسلامیستە شیعییەکان بەدوای کارتێکی گوشاری زیاتردا بگەڕێن، ئەویش لەکاتێکدا کە خەریکی دانوستاندنن. سەرنجڕاکێشە کە، ڕێك لەم وەختانەدا کە باسی دانوستاندنی ئەتۆمیی ئێران، دیالۆگی ستراتیژیی عێراق ـ ئەمریکا و ئەگەری دیالۆگی حوسییەکان و سعودیە لەئارادایە، هێرش و گوشارەکانیش زیاتر کراون!

میلیشیاکان وەکو جاران توانای جموجۆڵیان لە سووریا نەماوە، چونکە لەوێ ئیسرائیل و ئەمریکاش ئامانیان نادەن. پێدەچێت ڕووسیاش ئەمەی بەدڵ بێت، ئەگینا ئەستەمە ئیسرائیل بەبێ ئاگاداریی ڕووسیا هێرشەکانی لە سووریا ئەنجامبدات. بۆیە عێراق و یەمەن وەکو دوو گونجاوترین شوێن ماونەتەوە بۆ دروستکردنی گوشار. لێرەوەیە کە هەولێریش خواستە یان ناخواستە پریشکی بەردەکەوێت. بەر لەم هێرشەی دوایی، هەر سەرەتای ئەم مانگە بوو کە لە پردێ-وە مووشەک بەرەو پێشمەرگە تەقێندرابوو!

هەندێك لە شرۆڤەکاران بێجگە لە ڕەهەندی دەرەکی و نێودەوڵەتیی ئەم گرژییانە، پێیانوایە کە لەوانەیە "ئەگەری نزیکبوونەوەی سەدر و پارتی دیموکراتی کوردستان" (2)بۆ دروستکردنی هاوپەیمانی هۆکارێك بێت بۆئەوەی میلیشیاکان بۆ چاوترساندنی پارتی کاری وایان کردبێت. ڕاستییەکەی ئەمە دەتوانێت ڕوانگەیەکی سەرنجڕاکێش بێت. ئێستا عەممار حەکیمیش هەوڵێکی بۆ دروستکردنی هاوپەیمانییەکی سەرروو-تایفی، نەتەوەیی بۆ هەڵبژاردن دەستپێکردووە، بەڵام لە هەوڵەکەی حەکیم گرنگتر، ئەگەری هاوپەیمانیی سەدر ـ پارتی و هەندێك لە هێزە سوننییەکانە، چونکە ئەمە دەتوانێت هاوپەیمانییەکی یاریگۆڕ بێت و سەدریش بەهێزترین کەسێکە کە دەتوانێت ببێتە مڵۆزمی گرووپە چەکدارەکان ئەگەر بێتو دەسەڵاتی عێراق وەربگرێت.

هاوکات لەگەڵ هێرشەکەی سەر هەولێر، چەند مووشەکێکیش بە بنکەی سەربازیی تورکیا لە بەعشیقەوە نراون و سەربازێکی تورکیاش کوژراوە. زیاتر لە چەند مانگێکە بەشێك لە گرووپە شیعییەکان، بەتایبەتی دوای سەردانی وەزیری بەرگریی تورکیا بۆ بەغدا، لێدوان و گوتارەکانیان لە دژی ئەنقەرە زیاتر کردووە و بەشێك لە میلیشیاکانیش باسی ئەوەیان کردبوو کە هێرش بۆسەر هێزەکانی تورکیاش دەکەن. ئەم هێرشە لەکاتێکدایە کە ناکۆکییەکانی ئێران و تورکیا ڕوویان لە زیادبوون کردووە و لە کاتێکدا کە هەواڵەکانی بەشداریی درۆنەکانی تورکیا لە شەڕی یەمەن لە دژی حوسییەکان و ئەگەری گۆڕانی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بڵاودەبنەوە، واتادارتر دەبێت.

هێرشەکەی بەعشیقە ـ هەولێر ڕێك لەو ڕۆژەدا هات کە عەلیڕەزا گوینەی، باڵیۆزی نوێی تورکیا لەگەڵ باڵیۆزی پێشووی وڵاتەکەی لە

بەغدا، لەگەڵ مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کۆبوونەوەیان کردبوو. بێشك ئاراستەی کارکردنی مستەفا کازمی لەگەڵ تورکیا، بە دڵی ئەو گرووپە شیعییانە نییە کە خۆیان لە بەرەی نەیاری تورکیا دادەنێن.

**پاساوی هێرشەکان و کارتی گوشار**

ئەگەر پاساوی هێرشکارەکان بەگشتی "موقاوەمە" بێت دژی ئەمریکا و هەوڵ بێت بۆئەوەی واشنتن ناچاربێت هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە، وادیارە دوایین گەڕی دیالۆگی ستراتیژیی عێراق ـ ئەمریکا دەستکەوتی بۆ ئەوان تێدا بووە. مستەفا کازمی، بۆ خۆی لەگەڵ لایەنە شیعییەکان کۆبووەوە تاوەکو زانیارییان لەسەر دانوستاندنەکان پێبدات. هاوپەیمانیی فەتحیش دانوستاندنەکەی بە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ ناوبردووە.(3) تەنانەت قەیس خەزعەلی، سەرکردەی عەسائیب ئەهل حەق کە لە سەرەتای ئەم مانگەدا گوتبووی "موقاوەمە" بەردەوام دەبێت، سوپاسداریی خۆی بۆ تیمی دانوستاندنکاری عێراق نیشاندابوو. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە مادام دانووستاندنەکە بە دڵی زۆربەی لایەنە شیعییەکان بووە، بۆچی ئەم هێرشانە بەردەوام دەبن؟

لەڕووی کاتەوە هاوتەریبییەك لەنێوان گەڕی سێیەمی دیالۆگی ستراتیژیی عێراق ـ ئەمریکا، دەستپێکردنەوەی دیالۆگی ئەتۆمیی ئێران، دەستپێکردنی قۆناخێکی دیکەی پێکدادانی ناڕاستەوخۆی ئیسرائیل و ئێران و گوڕبوونەوەی هێرشی حوسییەکان لەئارادایە. لە ماوەی کەمتر لە 20 ڕۆژی ڕابردوودا، میلیشیاکان زیاتر لە 10 هێرشیان لە شوێنە جیاوازەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کردووە. حوسییەکان دوو هێرشی گەورەیان دژی ئامانجە سعودییەکان کردووە و پێکدادانی ناڕاستەوخۆی ئێران و ئیسرائیل، هەنگاوێك زیاتر لە ئەگەری بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ نزیکبووەتەوە و کەشتییەکانی یەکتری دەکەنە ئامانج. ئەمەش ئەو گومانەی بەهێزتر کردووە کە لەوانەیە زیادکردنی گرژییەکان لە ناوچەکە، بۆ ئەوە بێت کە دەستی ئێران لە دانوستاندنەکان بەهێزتر بن!

لەم مانگەدا ئەمە سێیەمجارە ئێران لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی گفتوگۆی کردووە کە ئەمریکاش ناڕاستەوخۆ تێیدا بەشدارە. وادیارە کۆشکی سپی زۆر پەلەی نییە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی 5+1 و ڕایگەیاندووە کە ئەمە دانوستاندنێکی درێژی دەوێت بەڵام، عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێران گوتوویەتی، ئێمە دانوستاندنی دوورودرێژ قبووڵ ناکەین کە تاقەتپڕووکێن بێت. ئاژانسی تەسنیم کە بە نزیك لە سوپای پاسداران دەزانرێت، لە یاداشتێکدا هێرشی کردووەتە سەر سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوەی وڵاتەکەی و گوتوویەتی، ئەگەر تەدبیرتان نییە، ئەی خیرەت؟ (4)لەو بابەتەدا وای باسکردووە کە "ئەمریکا و ئیسرائیل لەلایەك دانوستاندنمان لەگەڵ دەکەن و لە لایەکی دیکەش تیرۆر و خراپەکاری دەکەن، ئەمەش سیاسەتێکی دووستوونەیە بۆئەوەی واز لە بنەماکانی هێزی خۆمان بهێنین." لەوانەیە ئەمانیش خەریکی هەمان سیاسەت بن کە تەسنیم پێیوایە ئیسرائیل و ئەمریکا دەیکەن!

**ئەنجام**

لە هێرشەکەی ئەمجارەدا هاوشێوەی ئەوەی حوسییەکان دەیکەن، درۆن بەکارهاتووە و لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا، جارێکی دیکە کەلێنە ئەمنییە گەورەکەی عێراق و هەرێمی کوردستانی دەرخستەوە کە ئەویش نەپارێزراوبوونە لەو هێرشانەی لەڕێگەی ئاسمانەوە دەکرێن. ئەمە لە ئاستێکدایە کە تەنانەت چەتری ئەمنیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییش نەیتوانیوە ڕێ لە هەموو مەترسییەکان بگرێت. ئاسۆیەکی ڕوون نییە بۆ کۆتاییهاتنی هێرشی میلیشیاکان، چونکە لەلایەك حکومەت ئەوەندە بەهێز نییە کە بتوانێت دەستەمۆیان بکات و لەلایەکی دیکەش، هێرشەکان وەکو کارتێکی گوشار بەکەڵکی هەندێك سیاسەتی هەندێك لایەنی شیعی دێن، بۆیە بە ئەگەری زۆر بەردەوام دەبن.

مەترسیی بوونی گرووپەکانی حەشدی شەعبی لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و دزەکردنی میلیشیاکان لەژێر عەبای حەشدەوە، ئێستا ئیدی نەك تەنیا بۆ هەولێر، بەڵکو بۆ ئەنقەرەش زیاتر بووە کە کاتی خۆی، دوای گشتپرسی، ڕۆڵی لە بەهێزکردنی ئەو گرووپانە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان گێڕاوە. ئەمەش لەوانەیە ئەگەری هاوکاریی عێراق و هەرێم و تورکیا سەبارەت بە میلیشیاکان زیاتر بکات.

ئێستا ئیدی زیاتر لە هەرکاتێکی دیکە، عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە سیستەمێکی بەرگریی ئاسمانییە. بێجگە لەوەش، تاوەکو گرووپەکانی حەشد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆ مەودایەکی دیاریکراو لە هەرێمی کوردستان دوورنەکەونەوە، ئەگەری بەردەوامیی هێرشەکان دەمێنێتەوە.

https://www.rudaw.net/sorani/kurdistan/1404202128- [1]

[2] ـ یاسین تەها شرۆڤەکاری کاروباری عێراق

https://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/0804202113- [3]

[4]ـ
https://www.tasnimnews.com/fa/news/1400/01/24/2484239/%DB%8C%D8%A7%D8%AF%D8%AF%D8%A7%D8%B4%D8%AA-%D8%A2%D9%82%D8%A7%DB%8C%D8%A7%D9%86-%D8%B1%D9%88%D8%AD%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D9%88-%D8%B8%D8%B1%DB%8C%D9%81-

%D8%A7%D8%B2-%D8%AA%D8%AF%D8%A8%DB%8C%D8%B1-%D8%AE%D8%A8%D8%B1%DB%8C-
-%D9%86%DB%8C%D8%B3%D8%AA-%D8%BA%DB%8C%D8%B1%D8%AA-%DA%86%D9%87